# ئایا هەولێر دەتوانێت پارێزگ

**دوای ئەوەی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ تۆپی پێ تەواوبوو، ١٢ یانە بۆ یارییەکانی خولی بژاردەی عێراق سەرکەوتن و بەسەر سێ کۆمەڵە دابەش کران، لە خولی بژاردە هەردوو یانەی هەولێر و دهۆك بەشداری دەکەن، ئایا ئەم دوو یانەیە دەتوانن ئەنجامێکی بەرچاو بە دەست بهێنن و دووبارە خولی پلە نایابەکانی عێراق بگەڕێننەوە کوردستان.**

ئا: رێبین رەمزی

### هەولێر چاوی لە نازناوی چوارەمە

یانەی هەولێر دوای ئەوەی توانی لەسێ وەرزی رابردوو لەسەر یەکدی ببێتە پاڵەوانی خولی عێراق و دەستکەوتێکی مێژوویی بۆخۆی تۆمار بکات، زۆربەی چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن، کە یانەی هەولێر پاڵێوراوێکی بەهێزە بۆ بە دەستهێنانی نازناوی خولەکە، چونکە خاوەن چەندین یاریزانی بە توانایە و لە هەمان کاتدا بۆندی لەگەڵ راهێنەرێکی بە توانای وەکو ئەیوب ئۆدیشۆ مۆرکردووە، ئەم راهێنەرە خاوەن ئەزموونێکی یەکجار زۆرە، بەڵام یانەی هەولێر لە یارییەکانی بژاردە لەگەڵ چەندین یانەی بەهێزی وەکو شورتە و نەجەف یاری دەکات، ئەم دوو یانەیە خاوەن چەندین یاریزانی بە توانانن و دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر هەموو شتێکی بۆ تیپەکە دابینکردووە و لە هیچ لایەك کێشەیان نییە، بۆیە دەبێت یاریزانەکان لەم خولە باشترین ئاست پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بۆ جاری چوارەم نازناوی خولی نایابی عێراق بگەڕێننەوە پایتەختی هەرێمی کوردستان.

### یانەی هەولێر پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەرە

لە هەموو جیهان وا باوە، کە جەماوەر یاریزانی ژمارە ١٢یە لە نێو یاریگە، چونکە هەردەم جەماوەر لە هەموو کات و ساتێکدا رۆڵی خۆی دەبینێت و دەتوانێت کاریگەری لە تیپی بەرامبەر بکات، لە یارییەکانی خولی نایابی عێراق ئەوەی تێبینی دەکرا لە یارییەکانی یانەی هەولێر، جەماوەر وەکو پێویست ئامادەی یارییەکان نەدەبوو لە هەندێك یاری هەر جەماوەر ئامادە نەدەبوو، رەنگە گۆڕینی یاریگە لە شەهید فرەنسۆ بۆ مەسیف سەلاحەدین دواتر بۆ یانەی هەندرێن گاریکەری لە ئامادەنەبوونی جەماوەر کردبێت، بەڵام یارییەکانی خولی بژاردە لە ١٥ی ئەم مانگە دەست پێدەکات، دەبێت جەماوەر لە گشت یارییەکان بە ژمارێکی زۆر ئامادەی یارییەکان بن، چونکە یانەی هەولێر لە قۆناغێکی هەستیار دایە و پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەر هەیە، لە هەمان کاتدا یارییەکانی خولی بژاردە ئاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە گشت یارییەکان بەهێزن.

بۆیە داواکارین لە یارییەکانی داهاتوو جەماوەر ببێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ یانەی وەرزشی هەولێر وەکو سالانی رابردوو، کە چۆن بە پەرۆشەوە ئامادەی یارییەکانی دەبوون، ئەمساڵیش بە هەمان شێوە ئامادەی یارییەکان بن.

### دهۆك هەوڵی ئەنجامێکی باش دەدات

یانەی وەرزشی دهۆك لە خولی نایابی عێراقدا تووشی چەندین گرفت هات، هەرچەندە توانی بگاتە خولی بژاردەی عێراق، بەڵام ئاستی تیپی تۆپی پێ وەکو پێویست نییە، هەرچەندە بۆندیان لەگەڵ چەندین یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووە، بەڵام ئەنجامەکان بە دڵی جەماوەری یانەکە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی یانەی وەرزشی دهۆك بە فەرمی دەستی لە کارکێشاوە لەم





# ـــــاری لە نازناوی خولی عێراق بکات

کات و ســـاتدا دەبێتـــە گرفتێکی دیکە بۆ یانـــەی دهۆك، جەمـــاوەری یانەی دهۆك چاویان لە نازناوی خولەکەیە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا.

**ئایا تیپی تۆپی پێی یانەی دهۆك دەتوانێت هەمان دەســـتکەوتی تیپی تۆپی باســـکە دووبارە بکاتەوە، کاتێك توانی دووجار لەسەر یەکدی نازناوی خولی باســـکەی عێراق بە دەست بهێنێت.**

**کەرکوك و پێرس و سلێمانی و سیروانی نوێ ماڵئاوا**

دوای ئەوەی هەردوو یانەی هەولێر و دهۆك توانیـــان بگەنە خولی بـــژاردەی عێراق لە بەرامبەردا چوار یانەی کوردستان ماڵئاواییان لـــە خولی پلـــە نایابەکانی عێـــراق کرد و دابەزینە خولی پلە یەکەکانی عێراق، پێش دەســـتپێکردنی خولی پلە نایابەکانی عێراق هەردوو یانەی سیروانی نوێ و سلێمانی بە فەرمی کشانەوەی خۆیان لە خولی نایابی عێـــراق راگەیانـــد بەهـــۆی خراپی باری دارایی و یانـــەی پێرس توانی لە قۆناغی یەکەم ئاستێکی بـــە ر ز پێشکە ش بـــکا ت و کێشـــەیەکی زۆری بۆ یانەکان دروســـت کردبوو، بەڵام پێش دەستپێکردنی یارییەکانی قۆناغـــی دووەم، یانـــەی پێرس بە فەرمی کشـــانەوەی خۆی لە خولی نایابی عێراق راگەیانـــد بەهۆی خراپی بـــاری دارایی، بۆیە ئەم سێ یانەیە راســـتەوخۆ دابەزینە خولـــی پلە یەکەکانی عێراق بۆ تۆپی پێ، بەڵام یانەی کەرکوك لە دوا ساتەکانی ئەم خولە بە جیاوازی گۆڵ دابەزییە خولی پلە یەکەکان، هەرچەندە یانەی ناوبراو چەندین گۆڕانکاری ئەنجامدا لە هێنانی یاریزانان لە دەرەوەی شـــاری کەرکوك و راهێنەرێکی نوێ، بەڵام ئەمانە هیچ سوودێکی نەبوو.

ئەوەی جێگەی ســـەرنجە تەنیا سێ یانەی کوردســـتان لە خولی نایابـــی عێراق یاری دەکەن، ئەوانیش هەریەکە لە زاخۆ و هەولێر و دهۆك.

ئایا یانەکانی کوردســـتان دەتوانن لە خولی پلە یەکەکان ســـەرکەون بـــۆ خولی نایابی عێراق

**خولی بژاردە**

وەکو ئاماژەم پێدا لە خولی بژاردە ١٢ یانە بەشداری دەکەن بەسەر ســـێ کۆمەڵە دابەش کراون، هـــەر کۆمەڵەیـــەك لە چوار یانە پێکهاتووە و لـــە هـــەر کۆمەڵەیـــەك یەك یانە سەردەکەوێت بۆ چوارگۆشەی زێڕین لەگەڵ باشترین یانە کە دەبێتە خاوەن پلەی دووەم، لە هەرســـێ کۆمەڵە یارییەکان بە شێوازی خول بە دوو قۆناغ بەڕێوە دەچن و لە ١٥ی ئەم مانگە یارییەکان دەست پێدەکات.

کۆمەڵەکانیش بریتین لە.

**کۆمەڵەی یەکەم:** زەورا، بەغداد، تەڵەبە، سەناعە.

**کۆمەڵەی دووەم:** هەولێر، شورتە، نەجەف، کارەبا.

**کۆمەڵەی سێیەم:** قوە جەویە، دهۆك، نەفت جنوب، کەربەلا.

**خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەم بەمشێوەیە.**

یارییەکانی رۆژی پێنجشەممە ١٥-٧

**کۆمەڵەی یەکەم**

بەغداد — زەورا

یاریگەی کەرخ

سەناعە — تەڵەبە

یاریگەی سەناعە

**کۆمەڵەی دووەم**

کارەبا — نەجەف

یاریگەی جەویە

هەولێر — شورتە

یاریگەی شەهید فرانسۆ

نەفت جنوب — کەربەلا

یاریگەی ناسریە

قوە جەویە — دهۆك

یاریگەی قوە جەویە





# لە هەولێر یاری شەترەنج شوێن بە یارییەکانی دیکە لەق دەکات

**یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد وەکو نەریتی ساڵانەی خۆی لە درێژەی کارو چالاکییەکانی خۆی وەکو پرۆگرامەکانی کارکردن بەمەبەستی پێگەیاندن و دروستکردنی یاریزانی شەترەنج بۆشاری هەولێر، خولێکی فێرکردنی بۆ نزیکەی زیاتر لە بیست منداڵ بۆماوەی شەش رۆژ ئەنجامدا، ئێمەش سەبارەت بەم خولە ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**



دیار حەمە ساڵح



نما قاسم



محەمەد عەبدوڵڵا



مستەفا هەڤاڵ



لاوێن قاسم

سەرەتا **(دیار حەمە ساڵح)**ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی شەترەنجی خانزاد لە بارەی خولەکە وتی «مەبەستمان لە ئەنجامدانی ئەم خولە دروستکردن و بناغەی پێگەیاندنی یاریزانی شەترەنجە بۆشاری هەولێر، بۆئەوەی لە داهاتوو سوودیان لێ ببینین.وتیشی ئەمساڵ لەم خولە ژمارەیەکی کەم لە یاریزانانی شاری هەولێر بەشداربوون، ئەویش بەهۆی یارییەکانی مۆندیاڵ بوو .چونکە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەسەیرکردنی یارییەکانی مۆندیال خەریکن.وتیشی ئەوە پرۆگرامی ئێمەیە کە زیاتر لە هاوین خولی فێربوون دەکەینەوە، چونکە لەم وەرزە زۆربەی یاریزانان قوتابین و لە پشوو دان. وتیشی یاریی شەترەنج جگە لەوەرزش زانستیشە، ئێمەش خول بۆهەردوو ئاستی کوڕان و کچان ئەنجام دەدەین. هەوڵ دەدەین ئەو جۆرە خولانە بەردەوام بێت. وتیشی کێشەی سەرەکیمان نەبوونی هۆڵی تایبەت بەم یارییەیە، لە بارەی هاوکاری ئەم خولەش تەنیا یانەی خانزاد هاوکاری ئەم خولەی کردووە.

**(نما قاسم)**تەمەن ٨ ساڵ وتی بەڕاستی ئەم خولە کارێکی باشە لە بری ئەوەی ئێمە بچین کاتی خۆمان بە شتی خراپ و بێسوود بە فیرۆبدەین، لێرە خۆمان فێری یاری شەترەنج دەکەین. هیوداریشنین کردنەوەی خولی لەمجۆرە بەردەوام بێت، بەڵام ئێمە کێشەمان نەبوونی هۆڵە، بەهیوای ئەوەین هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت بۆئەوەی بتوانین ئاستی خۆمان بەرەو پێش ببەین، لە داهاتوو بتوانین ببینە یاریزانی شاری هەولێر و ناوی هەولێر بەرز کەینەوە.

**(محەمەد عەبدوڵڵا)**تەمەن ١٣ساڵ لە بارەی خولەکە وتی «بە بۆچوونی خۆم کردنەوەی خولی فێرکردنی یاری شەترەنج شتێکی باشەو رۆژانە لە یانەی خانزاد سوودێکی زۆرمان بینیوە، فێری یارییەکی زانستی بووینە، بەهیوای ئەوەین کردنەوەی خولی لەمجۆرە بەردەوام بێت، بۆئەوەی بتوانین زۆرترین زانیاری لەسەر یاری شەترەنج بزانین بۆئەوەی لە داهاتوو ناوی شاری هەولێر بەرز کەینەوە و ببینە نموونەی یاری شەترەنج لە شاری هەولێر و کوردستان. ئەگەر ئەم خولانەش بەردەوام بێت، ئەوا ئێمەی منداڵ باشترین سوودمان دەبێت.

**(مستەفا هەڤاڵ)** تەمەن ١٠ساڵ وتی«لە ماوەی شەش رۆژی رابردوو توانیم سوودێکی زۆر لە یانەی خانزاد وەربگرم بە فێربوونم لە یاری شەترەنج، ئێمە دوو سوود وەردەگرین، لە یانەی خانزاد هەم فێربوونی یاری شەترەنج و هەم یارییەکی زانستیە. ئەگەر ئەمجۆرە خولانە لە هەموو یارییەکان بەردەوام بێت، کارێکی باشە بۆمنداڵان بۆئەوەی زۆترین کات لە شتی بەسوود سەرف دەکەین، نەك سورانەوە لەسەر شەقامەکان، بەڵام لێرە هۆڵەکە زۆر بچووکە، ئەگەر بکرێت هولێکی گەورەترمان بۆدروست بکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نموونەی یاریزانی چالاکمان لێ دەربچێت.

**(مەحمود سەباح)**تەمەن ١٣ ساڵ وتی «ئەم خولە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ ئێمەی منداڵ، چونکە لەماوەیەکی زۆر کورتدا فێری یاری شەترەنج بووین.کردنەوەی خول بە شێوەیەکی فراوان بێت باشترە، چونکە ماوەی خولەکە کەمبوو، ئەگەر زۆرتر بێت باشترە، بۆئەوەی سوودەکەی زیاتر بێت، بەڵام نەبوونی هۆڵێکی پێویست ئەمە دەبێتە گرفت بۆیاریزانان و ئەگەر بکرێت هولێکی گەورەتر دروست بکرێت باشترە، بەڵام خولێکی زۆر سەرکەوتوو بوو.

**(لاوێن قاسم)**تەمەن ١٠ ساڵ لە بارەی خولەکە وتی « ئێمەی کچ بەشداری ئەم خولەمان کردووە سوودی زۆرمان بنیوە، فێری یاری شەترەنج بووینە لە یانەی خانزاد، خۆشی کردنەوەی خول سوودی زۆری دەبێت، لێرەش زۆر سوودمان بینی وەکو هەردوو شێوزای تیۆری و پراکتیکی وانەکانمان پێشکەش دەکرا، هیوداریشم خولی لەمجۆرە زۆرتر بکرێتەوە و سوودی زۆریشی دەبێت، بەڵام هۆڵێکی گەورەمان بۆدروست بکرێت باشترە.

## لۆران بلان گۆڕانکاری لە هەڵبژاردەی فەرەنسا دەکات



دوای ئەوەی لۆران بلان بە فەرمی بووە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا لە شوێنی ڕیمۆن دۆمەنیك لە گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە سزای هیچ یاریزانێك نادات لە یاریزانانی هەڵبژاردەی فەرەنسا. لۆران بلان لە درێژەی قسەکانیدا وتی: سزای هیچ یاریزانێك نادەم، کە بوونە هۆکاری دروستبوونی ئەم کێشەیە کە لە مۆندیالی ٢٠١٠ و بووە هۆکاری دوورخستنەوەی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە قۆناغی یەکەم و هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەم، کە ئەمجۆرە ڕەفتارانە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا ڕوویدا. بلان دەربارەی کاپتنی هەڵبژاردەی فەرەنسا وتی: یاریزانێك وەکو کاپتنی هەڵبژاردەی فەرەنسا دەستنیشان دەکەم، کە یاریزانەکان سوودی لێوەربگرن و بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات لە نێو یاریگە، ڕەنگە هەندێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەی فەرەنسا کە بەشدارییان لە مۆندیالی ٢٠١٠ کرد، دووریان بخەمەوە لە پێکهاتەی فەرەنسا و هەوڵ دەدەم گۆڕانکارییەکی تەواو لەم پێکهاتەیە بکەم.



## منداڵێک ٢٨هەزار یۆرۆ لە فەرەنسا دەدزێ

لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٠ ی باشووری ئەفریقیا چەندین گەشتیار لە وڵاتەکانی جیهان ڕوویان لە باشووری ئەفریقیا کرد بە مەبەستی بینینی یارییەکان و هەروەها بە مەبستی گەشتکردن، بەڵام منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵی لە باشووری ئەفریقیا توانی بەشێوەیەکی پیشەگەرانە دزییەکی یەکجار سەیر بکات، کاتێك لە یەکێك لە بازاڕەکانی باشووری ئەفریقیا ئەم منداڵە توانی پارچە زێڕێك لە ئافرەتێکی فەرەنسی ببات، کە نرخی ئەم پارچە زێڕە دەگاتە ٢٨ هەزار یۆرۆ، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی ئەم ئافرەتە، کە داوای لە پۆلیسی فەرەنسا کردووە بە زووترین کات ئەم پارچە زێڕەی بۆ بگەڕێننەوە و بڕیارپیدا بە زووترین کات ئەم وڵاتە جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە فەرەنسا.

جێگەی باسە بەهۆی نەبوونی کار وڵاتی باشووری ئەفریقا چەندین جار ئەمجۆرە کارە دزێوانەی لێ ڕوودەدات، ئەمەش گەورەترین کێشەیە لە باشووری ئەفریقیا.

## یاریزانەکانی بایرەن میونیخ فرۆشتنیان لەسەر نییە





دوای ئەوەی زۆربەی یاریزانەکانی یانەی بایرەن میونیخ بەشدارییان لە مۆندیال کرد و توانیان ئاستێکی بەرز لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان پێشکەش بکەن وەکو هەردوو یاریزانی هۆڵەندی ڤان بۆمێل و ڕۆبن و یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کلۆزە و لام و مولەر و شڤانشتایگر و باشتۆبر ...هتد، بۆیە زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهان باس لەوە دەکەن، کە یانە گەورەکانی ئەوروپا چەندین بۆندیان پێشکەش بەم یاریزانانە کردووە بۆ ئەم مەبستە سەرۆکی یانەی بایرەن میونیخ کارل هاینز ڕۆمەنیگە لە لێدوانێکیدا گشت ئەم هەواڵانەی ڕەتکردووە گوتی: یانەکەمان ئامادە نییە هیچ یاریزانێك بفرۆشێت و هەر یانەیەك بۆندی پێشکەش بکات وڵامی ئێمە نەخێر دەبێت، چونکە ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە باری دارایی یانەکەمان زۆر باشە و خاوەن چەندین یاریزان بە تواناییین.

سەبارەت بە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیە، کە لە یانەی بایرەن میونیخ یاری دەکەن ڕۆمەنیگە گوتی: مولەر دیاردەیە و فلیپ لام کاپتنێکی بە توانایە و شڤانشتایگر هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە جوانترین شێوە بەڕێوە دەبات و نابێتە جێگەی سەرسووڕمان ئەگەر بە باشترین یاریزانی مۆندیال دەست نیشان بکرێت و کلۆزە گۆڵکارێکی بێ وێنەیە.





# وێنە سەرنجڕاکێشەکانی مۆندیالی ٢٠١٠














## کچە جوانەکەی مۆندیال بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کرد

دوای ئەوەی کچە هاندەری هەڵبژاردەی پاراگوای لاریسا ریکیلمی بە جوانترین کچە هاندەری مۆندیال دەستنیشان کرا و چەندین رۆژنامەی جیهانی باس لە جوانی ئەم کچەیان کرد، لاریسا ئێستا ناوبانگێکی یەکجار زۆری بۆ خۆی پەیدا کردووە، پێش دەستپێکردنی یاریی نێوان هەڵبژاردەی پاراگوای و ئیسپانیا لاریسا ریکیلمی پەیمانی دابوو ئەگەر هەڵبژاردەی پاراگوای سەرکەوێت بۆ چوارگۆشەی زێرین، ئەوە بەبێ جل و بەرگ لە نێو یاریگا و شەقامەکان دەسوڕێتەوە، بەڵام هەڵبژاردەی پاراگوای لەم یارییە تووشی دۆڕان هات بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر، بەڵام لاریسا ریکیلمی بەڵێنەکەی خۆی هێنا دی لە یاریگایەکی تۆپی پێ بەبێ جل و بەرگ لە نێو یاریگا سوڕایەوە، ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە وەکو هەرچەندە هەڕەشەی کوشتن یاخود رفاندنی لێکرا، ئەگەر هاتوو ئەمکارە ئەنجام بدات. لاریسا لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکان وتی: گوێ لە هەڕەشەکان ناگرم و هیچ کاریگەری لە من ناکات، چونکە هەڵبژاردەکەم خۆش دەوێت و توانی لە مۆندیال ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بووە جێگەی شانازی هەموو خەڵکی پاراگوای و زۆر شانازی بەمکارە دەکەم، چونکە لە پێناو وڵاتەکەم ئەنجامی دەدەم.





## چێڵسی هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ تۆرێس مۆربکات

هەرچەندە فرناندۆ تۆرێس لە مۆندیالی ٢٠١٠ ئاستی وەکو پێویست نەبوو لە زۆربەی یارییەکان لە نێو یاریگە هیچ رۆڵێکی نەبوو، بەڵام سەرۆکی یانەی چێڵسی رۆمان ئیبراهیمۆفیچ هەوڵ دەدات هەرچۆنێك بێت بۆند لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆربکات، رۆژنامەی ئاس ئیسپانی بڵاویکردووە کە یانەی چێڵسی ئامادەیە ٧٠ ملیۆن جنەیە ئیسترلینی پێشکەش بە تۆریس بکات بۆ ئەوەی یاری بۆ یانەی چێڵسی بکات لە وەرزی داهاتوودا، لە بەرامبەردا یانەی مانچستەر سیتی ئەویش بۆندێ پێشکەش بەم یاریزانە کردووە بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو لە ریزی مانچستەر سیتی یاری بکات.

فرناندۆ تۆریس لە مۆندیالی ٢٠١٠ لە زۆربەی یارییەکان ئاستی وەکو پێویست نەبوو و تووشی رەخنەیەکی یەکجار زۆر بووە لەلایەن رۆژنامەکانی ئیسپانیا.

## مەرگی خۆی دەخاتە مەترسی لە پێناو مۆندیال



لە سەیرترین هەواڵی مۆندیالدا لە باشووری ئەفریقیا، لە پێشبڕکێکی سەیردا لە باشووری ئەفریقیا هەر کەسێك کارێکی سەیر ئەنجام بدات و ببێتە جێگەی سەرنجراکێشی لیژنەی ناوبژیوانان، ئەوا بلیتی یاری کۆتایی وەکو خەڵات وەردەگرێت، بۆ ئەم مەبستە پیاوێکی تەمەن ٣٢ ساڵ لە باشووری ئەفریقیا بەدرێژایی ٦٠ مەتر چوون و هاتن مەلەوانی لە دەریایەك کرد، کە بە دەریای تیمساح بەناوبانگە، چونکە ئەم دەریایە تایبەتە بە تیمساح بۆ ئەوەی بتوانێت بلیتی یاری کۆتایی بباتەوە.

ئەم پیاوە لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی باشووری ئەفریقیا وتی: گوێبیستی ئەم پێشبڕکێە بووم، بۆیە بڕیارم دا لەم دەریایە مەلە بکەم، خۆشبەختانە لە کاتی مەلەکردنم هیچ تیمساحێکم نەبینی.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: رەنگە هەر کەسێك ٢٥ مەتر بە ٣ خولەك ببڕێت، بەڵام ئێمە بەهۆی ترسی تیمساح زۆر بە خێرایی مەلەوانی-مان کرد و توانیمان دەریایەکە ببڕین بە چوون و هاتن لە ماوەی ١٥ خولەك، هەرچەندە خێزانەکەم لە من خێراتر بوو لە مەلەکردن.

لە کۆتایی لێدوانەکەی دا وتی: لە سەرەتا زۆر حەزم لە یاری رگبی بوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی مۆندیال ئێستا زۆر حەزم لە تۆپی پێیە.



بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021
Email: sport@gulan-media.com